# سەلاَحەددینی ئەییووبی، سەرکردەی موسَڵمانی کورد، ژیان و بەسەرهاتی

شکۆ بێستون : نووسینی
shkobestun@yahoo.com

سەلاَحەددین کوری نەجمەددین ئەییووبی کوڕی شادی کوڕی مەروانە، لە بنەماڵەیەکی گەورە و سەرۆکهۆز بووە؛ لە ساڵی (٥٣٢ک - ١١٣٧ز) لە شاری تکریت لەدایک بووە. تەمەنی لاویتی لە شاری بەعلەبەگ و دیمەشق بەسەر بردووە. سەلاَحەددین سەر بە هۆزێکی لە ناوچەی ئاران لە ئازەربایجان دەژیان. هۆزی ڕەوادی دەگەڕێتەوە بۆ تیرەی هەزبانی کە (کوردە بە ناوی (ڕەوادی) لە گوندی (دوین سەلاَحەددین وەکو هەموو منداڵێکی میر و سەرکردەکانی ئەو سەردەمە خراوەتە بەر .یەکێکە لە گەورەترین تیرەکانی میللەتی کورد خوێندن لە خوێندنگەکانی ئەو کاتەدا کە بە زۆری مزگەوتەکان بوون. فێری خوێندن بووە و قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە. جگە لەمانەش لە بەردەستی زانا و ناودارەکانی ئەو سەردەمەدا زانیاری زمان و چەندەها زانیاری تر فێر بووە. ئەوەی کە زیاتر بووەتە مایەی پەروەردەبوونی سەلاَحەددین و پێگەیشتن و ئامادەبوونی بۆ ئەوەی لە ناهەموارترین کاتدا سەرکردایەتیی موسڵمانان بگرێتە دەست، ئەوە بوو لەژێر چاودێری سێ مامۆستای پایەبەرز و هەڵکەوتوودا پەروەردە کرا. مامۆستای یەکەمی نەجمەددینی ئەییووبی .باوکی و مامۆستای دووەمی ئەسەدەددین شێرکۆی مامی و مامۆستای سێیەمی نوورەدین مەحموود مەلیک بوون

سەلاَحەددین لەگەڵ ئەو سێ قارەمانەدا هەڵسوکەوتی دەکرد و لەناو کۆڕەکانیاندا دادەنیشت و گوێی لە قسەکانیان دەگرت و تەماشای کردەوەکانیانی دەکرد و لێیانەوە فێری جوامێری و خەباتکردن و دڵسۆزی و تاقیکردنەوەی ژیان ئەبوو. تاوای لێ هات مامۆستاکانی بە سەلاَحەددین ساڵانی منداڵیی لە بەعلەبەگ بەسەر برد کە .چاوێکی ڕێزەوە بۆیان دەڕوانی و چاوەڕوانی پاشەڕۆژێکی مەزنیان لێ دەکرد بە خۆشترین ساڵانی ژیانی دەژمێردرێت. لەسەر دەروونبەرزی، سوارچاکی و خواناسی پەروەردە کرا و فێری هونەری جەنگ و جیهادکردن بووە و بە ئازایەتی و بەجەرگی و عیزەتی ئیسلامییانەوە ناوی دەرکردووە. ئەم پەروەردەکردنە وای لێ کرد کە کەسایەتییەکی پایەبەرزی لێ دەرچێت و شایەنی ئەوە بێت هەموو جیهان لە بەردەستیدا بلەرزێت و ئاراستە و ڕێڕەوی مێژوو بگۆڕێت. پاش کۆچیدواییی ئەسەدەدینی مامی لە ساڵی (١١٦٩ز)، عازد سەلاَحەددینی کرد بە وەزیری خۆی لە میسر و نازناوی (ملک ناسر)ی پێ بەخشی. کاتێک خاچپەرستەکان زانییان سەلاَحەددین کراوەتە وەزیر، زۆر دڵگران بوون. سەلاَحەددین دەستی کرد بە ئاوەدانکردنەوەی میسر و کردنەوەی نەخۆشخانە و دروستکردنی شوورا و گەلێک خزمەتی تر. هەروەها دوو قوتابخانەی بە ناوی (الناصرية والكاملية )وە کردەوە بۆ بلاَوکردنەوەی مەزهەبی سوننە و گرنگیدان بە مەزهەبی فیقهی شافعی. سەلاَحەددین یەکەم شتێک کە گرنگی پێ داوە و ڕێکی خستووە، پتەو کردنی لایەنی ڕۆحی و بیروباوەڕ و لابردنی خراپەکاری بووە. ئەوە بوو لەپێش هەموو شتێکەوە داوای لە شێخ (قتب الدين النيسابوری) کرد کە کتێبێکی دەربارەی بیروباوەڕ لەژێر ڕۆشناییی قورئان و سوننەتدا بۆ بنووسێت. وە خۆی چاک دیراسەی دەکرد و کوڕەکانیشی لەسەر پەروەردە دەکرد. قازی ئیبن شیداد کە یەکێک بووە لە هاوەڵانی سەلاَحەددین و هەمووکات پێکەوە بوون، سەلاَحەددین زۆر حەزی لە قورئانخوێندن و گوێگرتن لە قورئان دەکرد؛ هەمیشە قورئانخوێنێکی دەنگخۆشی لەخواترسی ئامادە :دەڵێت کاتێک گوێی لە قورئانخوێن ببوایە، دڵی دادەخورپا و فرمێسک تکتک بە چاوەکانیدا دەهاتە .دەکرد بۆ ئەوەی قورئانی بۆ بخوێنێت خوارەوە. هەروەها قازی دەڵێت: ئەگەر بیبیستایە کە دوژمن پەلاماری موسڵمانانی داوە خێرا سوژدەی دەبرد و دەیوت خوایە ئەوا من هەموو توانایەکی خۆمم بۆ سەرخستنی دینەکەت خستۆتە کار و جگە لە کۆمەکی و پشتگیری تۆ هیچی تر شک نابەم. هەروەها دەڵێت لە کاتی سوژدەدا دەمبینی فرمێسکەکانی بە ڕیشیدا دەهاتنە خوارەوە و ئیتر نەمدەزانی چی دەڵێت. بەڵام ئەو ڕۆژە دوایی نەدەهات خوای گەورە سەرکەوتنی دەنارد. هەمیشە لە ڕۆژەکانی هەینیدا هێرشەکانی دەستپێ دەکرد بەو هیوایەی کە موسڵمانان لەخوا بپاڕێنەوە، چونکە کاتی گیرابوونی دوعایە. وە هەرگیز هێزی دوژمنی بە زۆر نەزانیوە و لێیان نەترساوە. شەڕێک لە نزیک شاری عەنکاوە رووی دا، موسڵمانەکان هەموو هەڵهاتن و ئاڵاکەیان لێ کەوت سەلاَحەددین خۆی و چەند کەسێکی تر مانەوە و پاڵی بە شاخەکەوە دا و بەدەم تەکبیری (الله اكبر)ەوە دەستی کرد بە گێڕانەوەی سەربازەکان و هاندانیان بۆ مەیدانی جەنگ. وە ئەو ڕۆژە

نەسرەوت تا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. هەروەها ئیبن شیداد دەڵێت: سەلاحەددین خۆی لە کەس بە گەورەتر نەدەزانی؛ فیز و لەخۆباییبوونی نەبوو؛ پیاوێک داوایەکی لەسەر نووسی بەپێی خۆی چووە دادگا و لەگەڵ پیاوەکەدا پێکەوە لە بەردەم قازیدا وەستان. قازی بەپێی پێویست لە مەسەلەکە کۆڵییەوە و ڕاستی سەلاحەددین دەرکەوت. لەگەڵ ئەوەشدا رووی لە پیاوەکە نەگۆڕی، بەڵکوو هەندێک جلوبەرگ و پارەی دایە و خواحافیزی لێ کرد. هەروەها ئیبن شیداد دەڵێت کاتێک هێزەکانی سوڵتان سەلاحەددین ئابلووقەی بەرەکانی پێشەوەی سوپا لەوەدا بوون بچنە ناو شەڕەکەوە و لەم .شاری موسڵیان دابوو، تەنگیان بە شەڕکەرەکانی ناو شار هەڵچنیبوو کاتەدا دەرگایەکی شارەکە کرایەوە و ئافرەتێکی بەساڵاچوو هات بۆ لای سەلاحەددین و پێی وت: من پیرەژنێکم لە دنیای رووتا تەنها کچێک شک دەبەم. ئێستا کاتی منداڵبوونێتی. دەترسم لەم کاتەدا هێزەکانت بێنە ناو شارەکەوە و لە ترسان منداڵەکەی لەبار بچێت و .بمرێت. داوات لێ دەکەم کچە تاقانەکەم و کۆرپە ساواکەی بە من ببەخشیت و ئەم هێرشە دوابخەیت

سەلاحەددین وتی بەسەرچاو، بەڵام بەمەرجێک هەرکاتێک کچەکەت منداڵەکەی بوو، هەواڵم بدەیتێ. پاشان سوڵتان فەرمانی دەرکرد هێزەکانی بکشێنە دواوە و لە شار دوورکەونەوە. دوای چەند ڕۆژێک ژمارەیەک لە فەرماندەکانی سوپا چوون بۆ خێوەتەکەی سوڵتان بۆ ئەوەی بزانن بۆچی بە قسەی ئافرەتێکی بەساڵاچوو سوپاکەی گێڕاوەتە دواوە. سوڵتان لە وەڵامدا وتی: بە لای منەوە هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان فەتحی شارێک و فەتحی دڵێکدا. مادام توانیم ئەو ئافرەتە دڵخۆش بکەم وەکوو ئەوە وایە شارەکەم فەتح کردبێت. لەو کاتەدا سەیریان کرد ئەوا ئافرەتەکە و چەند سوارێک هاتن بۆ لای سوڵتان و ئافرەتەکە وتی: مژدە بێت کەوا کچەکەم کوڕێکی بووە و ئامۆژگاریم کردووە بە شێوەیەک پەروەردەی بکات ببێتە سەربازێکی بەوەفای سەلاحەددین. ئەم سوارانەش نێردراوی ئەمیری شارەکەن و هاتوون ئامادەبیت پێ ڕابگەیەنن بۆ کردنەوەی دەرگاکان و هاتنەژێر فرمانی سوڵتان بەهۆی ئەم میهرەبانی و ئازایەتییەوە کە لەگەڵ .مندا کردت

سەلاحەددینی پایەبەرز نموونەیەکی ڕاستەقینەی تێکۆشەری ئیسلامی بوو. بەرهەمی پەروەردەی ئیسلام بوو. ئەوە بوو داگیرکەرانی خاچپەرستی ئەورووپایی لە فەلەستین دەرپەڕاند و قودسی پیرۆزی ڕزگار کردەوە. وە نیوەدوورگەی عەرەب و مەزارە پیرۆزەکانی مەککە و مەدینەی لە هەڕەشەی کافران ڕزگار کرد. ئەو سەرکەوتنە گەورەیەش لە جەنگی (حطين)دا بوو کەلە ١٧ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (٥٨٣ک) ڕووی دا. قازی ئیبن شیداد دەڵێت: لەڕاستیدا کێشەی قودس ئەوەندە قورس بوو لەسەر شانی کە شاخەکان نەیاندەتوانی هەڵیبگرن. لە ٢٧ی ڕەجەبی ساڵی (٥٨٣)ی کۆچی سەلاحەددین گەیشتە شاری قودس؛ واتە دوای ٩٠ ساڵ ژێردەستەیی، یەکەم قیبلەی موسڵمانان گەڕایەوە بۆ باوەشی ئیسلام. ئەو قیبلەیەی کە پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) لە شەوی ئیسرا و میعراجدا پێشنوێژی تێدا کرد بۆ پێغەمبەران (سەلامی خوا لە هەموویان). خوای گەورە وای ڕێک خستبوو ئەو شەوەی سەلاحەددین گەیشتە قودس .بەرامبەر بوو لەگەڵ هەمان شەو کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) ئەو نوێژەی تێدا کرد

سەلاحەددین لە ساڵی (589ک-1193ز)کۆچی دوایی کرد ,هەواڵی کۆچی دوایی سەلاحەددین وەک هەورە تریشقەیەکی بەهێز دای لە گوێچکەی هەموو موسڵمانێک و وایان دەزانی کە هەرچی خۆشی و شادییە ک هەیە سوڵتان لە پێش خۆیدا بە ڕێی کردووە,خەڵکانی ئەو دەشتەکی و شارستانی ,دەوڵەمەندو هەژار هەموو دڵ بریندارو چاو بە ,ناوچانە تێکڕا بە گەورەو بچووک و پیرو منداڵ و ژن و پیاو گریان بوون و جۆگەلەی فرمێسکی سوێرو خویناوی لە چاوانەوە سەری دەکرد ,ئیبن شداد کە خۆی ئامادەی ئەو ڕووداوە بوو باسی دەکات و دەڵێت :ئەو ڕۆژە ڕۆژێک بوو موسڵمانان دوای خەلیفەکانی ڕاشیدین ڕۆژی وا ناخۆشیان بە خۆیانەوە نەدیبوو.دیمەشق و قەڵاکەی و هەموو ناوچەکانی دەوروبەری غەم و پەژارەیەکی بێ وێنەی دای گرتبوون,هەر خوا خۆی دەزانێت چۆن بوو ,کوڕەکانی لە ناو خەڵکەکەدا کاتێک سوڵتان کۆچی دوای کرد تەمەنی (57)ساڵ بوو ,دوای خۆی ,دەگریان بە شێوەیەک خەڵکی خەریک بوو گیانیان دەردەچوو میراتەکەی یەک دیناری زێڕو47 درهەمی ناسری بوو ,وە بۆ کفن و شاردنەوەکەی پارەیان بۆ قەرز کرد بوو ,ئیتر بێ ئەوەی موڵکێک یان زەوی و زارێک یان کۆشکێک لە هەموو ماڵی دونیا کە لە بەردەستیدا بوو بە جێ بهێڵێت

هۆیەکانی سەرکەوتنی سەلاحەددین: هۆیەکانی سەرکەوتنی سەلاحەددین زۆرن بێگومان هەموو سەرکەوتنێکیش چەندەها هۆو پێشەکی هەیە ,ئێستا با بزانین گرنگترین ئەو هۆو پێشەکی یانە چی بوون کە ئەو سەرکەوتنە مێژوویی یەیان لەسەر دەستی سوڵتاندا بۆ

ئیسلام و موسڵمانان بەدی هێنا ,دەبێت ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە ئەو هۆو پێشەکی یانە لە داهێنان و پەیدا کردنی سوڵتان خۆی نەبوون,بەڵکو لە ڕێبەری کردنی ئەو بەرنامەیە بوو کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لە سەر بێت)لە جەنگەکانی بەدرو خەندەق و ڕزگارکردنی مەککەدا لەسەری دەڕۆیشت و خەلیفەکانی ڕاشیدینیش پاش خۆی لە جەنگەکانی پاشگەز بوونەوە (حروب الردە)و قادسیەو یەرموکدا لەسەری دەڕۆیشتن,سەلاحەددین دەبێت سەرکەوتوو بێت و خوای خاوەن توانا بەسەر دوژمناندا زاڵی بکات

چونکە ئەو ڕێبازەی ئەوانی گرتبووە بەرو بە گوێرەی هەمان بەرنامە دەجوڵایەوەو خوای گەورە بەڵێن و بڕیاری خۆی بەجێ دەهێنێت ,وەک دەفەرمووێت

وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ (40) الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ (41)

الحج:41),واتە خوا سەرکەوتن بەوانە دەبەخشێت کە دینەکەی سەردەخەن بە ڕاستی خوا خاوەن هێزی بێ پایانە و بە سەر هەموو) شتێکدا زاڵە ,ئەوانەی ئەگەر لە زەویدا دەسەڵاتمان دانێ نوێژ بەجێ دەهێنن و زەکات دەدەن و فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەکەن,وەئەنجامی هەموو کارێک بۆ لای خوایە.موسڵمانەکان ئەگەر لە هەموو کارو شوێنێکدا بە گوێرەی ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕەفتار بکەن و هەوڵی ئامادەکردنی پێویستیەکانی سەرکەوتن بدەن و بە دڵسۆزی و چالاکی یەوە لە سەری برۆن ,بێگومان خوای گەورە هیوایان بۆ سەرکەوتن و زاڵبوون کارو بار گرتنە دەست دێنێتە دی ,چونکە خۆی بەڵێنی داوە وەک دەفەرمووێت

وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا

(النور:55)

واتە خوا بەڵێنی داوە بەوانەتان کە ئیمان دەهێنن و کردەوەی چاکە دەکەن ,کاروباری زەوییان دەداتە دەست وەک دایە دەست ئەوانەی پێش خۆیان .هەروەها ئەو دینەی خوا خۆی پێ ی ڕازی یە بۆیان زاڵ دەکات وە حاڵیان لە ترسەوە بۆ ئاسایش دەگۆڕێت,چونکە تەنها خوا دەپەرستن و هیچ شتێک ناکەن بە شەریکم.سەرکردەکانی ئەم چەرخە زۆر پێویستە بە جوانی شارەزای ژیانی ئەم پاڵەوانە بن و هەوڵبدەن چاوی لێبکەن و شوێن پێکانی هەڵبگرن,بەڵکو بتوانن موسڵمانەکان وورِیا بکەنەوەو یەکیان بخەن و بەرەیەکی ئیسلامی فراوان بنیات بنێن و خۆیان ئامادە بکەن بۆ بە دەست هێنانی سەرکەوتن و پاک کردنەوەی هەموو جیهانی ئیسلامی لە چنگی دوژمنە داگیر کەرەکان و ئەڵقە لەگوێکانیان .بە ڕاستی ئوممەتی ئیسلام لەم سەردەمەدا زۆر پێویستی بە سەرکردەیەکی تری وەک سەلاحەددین هەیە لە ئیمان و خوا پەرستی دا لە دادگەری و میهرەبانی دا ,لە ئازایەتی و خۆڕاگری دا ,لە لێبووردەیی و دڵ نەرمی دا ,لە پیاوەتی و بەخشندەی دا,لە جیهاد کردن و سیاسەتدا ,ئەو ڕۆژەی ئەم سیفەت و ڕەوشتانە لە سەرکردەیەکی موسڵماندا بەدی هات ئەو کاتە موسڵمانان چاوەڕوانی سەرکەوتنی گەورەو ڕزگاربوون و سەربەرزی تەواو بن . خوای گەورە لێت خۆش بێت و پلەی بەرزت بدایێ ئەی سەرکردەی کوردی قارەمانی ئیسلام.


سەرچاوەکان

صلاح الدين عبدالله ناصح علوان 2. سيرة صلاح الدين قاضي ابن شداد 3.حياة صلاح الين د.احمد بيلي 4.الروضتين في :1. اخبار الدولتين ابو شامة


وەرم گرتوە لە ڕێگەی ڕاستی

www.vazhin.tk